# حیکمەتیستەکان، ئێران چێتی تا کەی؟!!

**لەتیف کوردە**

لە کەناڵی تەلەفیزۆنی" پرتو" مانگی جولای 2008 چاوپێکەوتنێکی( کورشی مودەرسی) لیدەری حیکمەتیزمم بینی کە زۆر سەرنجی راکێشام تا ئەو رادەیەی کە پێم وانەبوو ئەم هاورێیە تا ئەو رادەیە خۆی بدات لە" کوچەی علی چەپ". جێگەی سەرسورمانە کە ئەم برادەرە هەموو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی بە تەنەکە خۆڵ چواند، لە کاتێکدا ئەم هاورێیە بۆ خۆی تاکێکی کوردە؟!! هەر بەمەشەوە نەوەستا هێرش دەکاتە سەر بەرەی فراکسیۆن و حزبی کۆمۆنیستی ئێران.

لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین ئاخۆ ئەو هۆکارانە چین کە کە ئاوا لە حزبی حیکمەتیسم دەکەن بە گشتی و سەرانی ئەو ئەحزابە بە تایبەتیک کە ئەحزابی کوردی بە هێزێکی خۆیان وتەنی دژە ئینسانی تەماشابکات؟!! کە ئاوا دەبنە دژە بەرەی بەرژەوەندی گەلەکەیان، مەگەر پێکهاتەی کەسانی نەوعی وەک حیکمەتیست لەسەر زەمینەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهە نگی کوردستان دروست بوون . کەچی ئاوا بە ناهەق لەژێر دروشمی دژە ناسیۆنالستیدا دژی مافی گەلی کورد دەوەستن!

ئایا ئایا ئەو زەمینە سیاسی و کۆمەڵایەتی و بونیاتە سەر خان و ژێرخانەنە چین کە ئەو حزبە لەسەری دەژی؟

ئایا لە راستیدا ئەمانە نوینەری چینی کرێکارن؟ یان پاشماوەی گرووپێکی شکستخواردووی ژێردەستەی داگیرکەرن؟ سەرەرای ئەمانەش م ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئاخۆ ئەو هۆکاریانە چین کە ئەو کۆمۆنیستانە بۆ بە گشتی خەباتی ڕزگارێخوازی گەلی کورد و کولتوو و زمانی کوردی بە دواکەتووی دەزانن و بەتایبەتیش کە هەر باسی مافی کورد، یاسەربەخۆی نەتەوەی کوردو ڕزگاریبوونی لە ژێر دەستی داگیرکەرانی بە نیشانەیەکی ناسیۆنالیزمی کوردی دەزانن. کەچی لەهەمان کاتدا گۆفتوگوکردن بە ئاوازو وشەی فارسی و زمانی نەتەوو باڵادەستاکان، بەشانازی دەزانن و بەنیشانەیەک لە پێشکەوتنخوازی و مۆدێرن تێدەگەن.[١]

من لێرەدا لە ئەزمونی لاوی خۆمەوە دەست پێدەکەم کە تاڵترین بیرەوەریم هەیە لەگەڵ ئەم حیکمەتیستانە . من لە ناو ڕێکخراوەیەکی چەپدا بووم ( کۆمەڵە) کە وێنای "پێشکەوتنخوازی"و ئێدیالی سەرەتا تەمەنی گەنجیم بوو، سەرەتای هەشتایەکان کە زۆرینەی خوێندکارو رۆشبیرانی کوردی هەڵگری ئەو ئایدۆلۆگیە مارکسیە بوون.لە سەرەتای نەوەدەکاندا من بەبۆنەی هەلومەرجێکی نالەبار کە کۆمۆنیزمی کاریگەری بر پەلی حیکمەتیستەکانەوە تووشی ڕێکخراوەی کۆمەڵەیان کردبوو هەوڵی ئەوەیان دەدا بۆ هەمیشە تەشکیلاتی کۆمەڵە لەناو بەرن، بۆیەش دەستیان کرد بە سوتاندنی هەرچی ئەرشیف و تاڵان کردن و فرۆشتنی کەرەستەو چەک و جبەخانەی بنکە و پێگەکانیانی کۆمەڵە بۆ ئەوەی بۆ هەتایە کۆمەڵە جێی خۆج نەگرێتەوە، هەر

[١] ـ هەندرێن وتار" لە چەوساندنەوەی نەتەوایەتیەوە بۆ کۆیلایەتی....

بەمەشەوە نەوەستان بە سەدان پێشمەرگەی کۆمەڵەیان بەرەو سنورەکانی تورکیە رەوانە کرد بۆ ئەوەی لە ریزەکانی کۆمەڵەدا نەمێننەوە . منیش یەکێک بووم لەوانەی کە بەر ئەم لێشاوی دەربەدەریە کەوتم و کوردستانم جێهێشت و هاتم بۆ وەڵاتی سوێد، بێگومان هاتنی من بۆ وەڵاتی سوێد هەلێکی باش بوو بۆ من کە لە نیزیکەوە ئاشنایی بە چەپی سوێد و هەروەها خوێندنیشم لە بواری کۆمەڵ ناسیدا لە زانکۆی ستۆکۆلۆم کە مارکسیزم بەشێک بوولەو خوێندنە یارمەتی دەرێکی باشتر بوو بۆ تێگەشتنم لەزانیاری مارکسیەت و سۆسیالیزم سەر ئەنجام بەو قەناعەتە گەشتم ئەو حیکمەتیستانەی کە خۆیان پێ کۆمۆنیستەو لە ژێر بریقەی درووشمی ئینسانی پێشکەتوخوازیدا خەبات دەکەن، داخراوترین گروپی چەپی کوردین وە هەڵسووکەوتەکانیان هیچ فری بەسەر ئیدۆلۆگی مارکسیزم و سۆسیالیزمەوە نیە.

بێگومان بە بۆچوونی من هۆکاری بیرکردنەوەی بنەمایی حیزبی حیکمەتیسم. پیوەندی هەیە بە پرۆسەکانی داگیر کردنی بوونیادو هەستی مرۆڤانی گەلی ستەم لێکراوی کوردەوە. کە بەداخەوە دواجار ئەمانەو کۆمەڵێ فاکتەری سەرەکی تر لەم رێرەوەدا توانیوویانە کاریگەریکی نەگتێڤیان هەبی لە سەر ناخی مرۆڤی کورد وەک تاک و گشت دواجار بەشێک لەم تاکە سەرێشێواوەنە بێ ئەوەی لە هۆکاری ئەم سەرلێشێوانەکان بکۆڵنەوە دەبنە دەهۆڵ ژەن و توونی نەتەوەی باڵا دەست بۆ لێدانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد. گەر لێرەدا ئاماژەیەک بکەم بەو کۆمەڵگا پێشکەوتوانەی ڕۆژئاوا کە لەسەرەتای کۆتاتی سەدەی شانزەو سەرەتایەکانی سەدەی حەڤدەدا تووشی گێرگرفتێکی ئابووری و سیاسی بووە ڕەنگە لێکچوونێک هەبێ لە نێوانیاندا کە لەگەڵ بارودۆخی سیاسی و ئابوری کۆمەڵایەتی کوردستان.. ، هەروەک چۆن( تۆماس مۆر) لە کتێبەکەی خۆیدا ( ئۆتۆپیا ) ، کە سەرەتایەکە بۆ دیدی مارکسزیم، بووە ئاوێنەی ئەو ئەو بارودۆخە نالەبارەی ئەوکاتەی کە کۆمەڵگای ئینگلیز تووشی ببوو. تۆماس مۆر لە کتێبەکەیدا، سیستەمێکی کۆمۆنیستیانە دادەمەزرێنی، کە ئەو ئۆتۆپیایە، لە هەموو مێژووی سیاسی جیهانی ڕۆژئاوادا، بەتایبەتی لە قۆناعە گرژو سەختەکاندا، هەمیشە بوونی هەبووە. بەڵام سەرەرای کتێبەکەی شۆڕشیەکەی مارکس. "سەرمایە" کەئەگەر لە ئاستی واقیعیانەتی تیۆرییەکانی ناو ئەو کتێبە مارکس، کە توانی سەرمایەداری و کۆمەڵگایەکەی بخوێنتیەوە، کە لە ڕێی شۆڕشێکەوە دەیەوێ بیرۆکەی ئەو ئۆتۆپیایە بەرجەستە بکاتەوە، کە خۆی لە دەستەبەرکردنی یەکسانی و بە دەسەڵات گەشتنی چینی کرێکار و دواجاریش کۆمەڵگایەکی بێ چین بەرجەستەدەکاتەوە. بەڵام ئەم تیۆریانەی مارکس و خودی مارکسیزم، وێڕای گرنیگی ئەو تیۆریە، وەک ڕوانگەیەکی دروست بۆ تێگەشتین لە وردەکاریەکانی سەرمایەداری، تائێستەش نەتیوانی ببێتە واقێعێکی سیاسی.

لەم روانگەوە، ریێ وکۆمۆنیزمی کارگەری و پەلی حیکمەتیزم ئاکامی تێکشاندنی رۆح و دەروون و هەستی مرۆڤی کورد لە رێگەی چەوساندنەوەی نەتەوایەتیەوە لە ژێر رکیفی دەستی رژێمە شۆڤینیست و داگیرکارەکانی فارس، تورک و عارەب، کۆمەڵگای کوردی لە ژیانی ئازاد وئاوەڵا بێ چارەنوس کردوە کە کورشی مودەرسی و هاوەڵانی گەواهیەیەکی زیندووی ئەم راستیەن بۆیە لێرەوەیە کە ئەو مارکسیزمە بۆتە ئایین و لای ئەم بندەستانەی رژێمی داگیرکار و دواجار لە خەونێکی ئۆتۆپیانەدا بەرجەستە دەبێتەوە، کە هەرچەندە ئەو یۆتۆپیایە لە رووی واقیعیەوە مەحاڵی سەرکەوتنی لە کۆمەڵگای ئێمەدا پیشان داوە.

ناسیۆنالیسته عه ره ب و تورک و فارسه کان، زۆرجار توانیویانه له شێوه و  شکڵی ڕێبازی تۆتالیێزانه سود له بزووتنەوه چەپەکانی خۆیان وەربگرن و له ژێرەکیفی خۆیاندا وەکوئامرازێک بەکاری بهێنن له دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی. بۆ وێنە ئەتاتورک "پارتی کۆمۆنیستی تورکی" له بیستەکاندا دروستکرد وه تەنانەت ڕێگەی دا که ڕۆژنامەیەکی 'کۆمۆنیستانەیان" به نێوی"  ئایدینلیک" ه وه دا، که بوو بەزۆرنایەک بۆ شۆڤێنیزمی تورک و ڕژیمی مستەفا کەمال، دژی کوردو کوردایەتی، بەتایبەتی دژی شۆڕشی دیاربەکر له ساڵی ١٩٢٥دا.

 حزبی شوعی عێراق " پارتی کۆمۆنیستی عێڕاق" له ژێر ڕکێفی قاسم و سەدامدا  بۆ ماوەیەکی زۆر وەکو داردەستی خۆیان له دژی بزووتنەوەی گەلی کورد و کوردایەتی کەڵکیان لێ وەردەگردن. "حیربی توودەی ئێران و فدائیان خلق  ماوەی چەند ساڵێک بوونه زوڕناژەنی شۆڤێنیزمی فارس دژی گەلی کورد له ڕۆژهەڵاتی کوردستان. پارت کۆمۆنیستی سووریاش هەروەها. [٢]  هێگل له کتێبی"Andens fenomenologi فیمێنۆلۆگی ڕۆح دا"، که ساڵی ١٨٠٧ نووسیوویەتی، لەوێدا باسی دیالێکتی پەیوەندی نێوان کۆیلەدار وکۆیلە دەکا، کە بەلای ئەوەوە ئەو دیالیکتە سەلماندنە بۆ ڕاستی کۆیلەدار و کۆیلە. هێگل له سەر ئەو باوەڕەیه که تاکه کەسی مۆدێرن دەبێ له دەرەوەی خودی خۆیدا وەک  کەسێکی به ئاگاو بیرکەرەوه ئەو سەلماندە دەستەبەر بکات. به گوێرەی تێگەشتیی هێگل، بۆ ئەوەی کۆیلەدار ئەو دانپێدانانه بەدەست بێنی، دەبێ کۆیله بخولقێنێ. لێرەدا  به تێڕوانینی هێگل، حەتمیەتی ئەو خواسته ئەوه  بووه  که کۆیله بەوه ڕازی بێ که ببێ به کۆیله، کەچی کۆیلەدار دانی نەنا به کۆیله وەک ئینسان. لێرەدا کێشەی حزبی حیکمەتیستەکان ئەوەیه  که وەک کورد داوای مافی "ئینسان" ی دەکا، نەک مافی نەتەوایەتی ئێمەی کورد، مانای ئایا مافی ئینسان تەنها له چوارچێوەی بازنەی چینایەتیدا دەسورێتەوه؟ ئەی مافی ڕەوای گەلی کورد بۆ سەربەخۆی به مافێکی ئینسانانه نایەته ئاژمار؟ بۆ داواکردنی مافی سەربەخۆیی گەلی کورد لای کۆمۆنیزمی کارگەری مافێکی نائینسانیه؟ هەموو باش ئەوه دەزانین که  کورد لەبەر ئەوەی که کوردە دەچەوسێتەوه نەک لەبەر ئەوەی که  ئینسانه. پرسیار ئەوەیە، که ئایا ئەوەی که "حکمیتیسم" داوای دەکا دانانه به مافی ئینسانی بوونی کوردا؟
لەکاتێکدا گەر چەوسێنەر کۆیلەدار بێ، چۆن بەوه ڕازی دەبێ دان به بوونی کورد بنێ وەک ئێنسانێکی ئازاد و سەرەبەخۆ؟ لێرەدا ئەو حیزبە، دەیەوێ به ئاگایەوه مێژووی سیاسەتی حیزبی تودەو گروپی ئەکسەریەت دووپات دەکاتەوه   یان دەبێ هیچ له هێگل نەگەیشتیێ، وەک سەرچاوەیەک له ئیدۆلۆگیەکەی، وەیان ئەو چەوسانەوه نەتەوایەتیه کردوویەتی به زبڵ و ئەژغالی تەنەکەخۆلی داگیرکەرانی کوردستان بەرادەیەک کەوەک مرۆڤیکی مۆدێرنی ئەم سەردەمەی کورد له بوونی خۆی بێ ئاگایه.[٣]
وێڕای ئەمەش، هێگل له کتێبی " Historiens filosofi فەلسەفەی مێژوو"، که کۆی سەمینارەکانی ساڵێ 1831.1822، که هێگل جەخت له سەر ئەوه دەکات، که تاکەکەس، له کۆمەڵگای مۆدێرندا،

٢ ـ جەمال نەبەز "بیری نەتەوەی کوردی
٣ ـ هەندرێن هەمان سەرچاوه

ئامانجی کۆتای لە دەسکەوتی دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێتەوە. دەوڵەت لە روانگەی هێگلەوە، بریتیەلە واتا ئازادی و یەکسانی عەقڵە. هێگل کە کتێبەکەیدا دەڵێ: "لە مێژووی جیهاندا، لە پرسیاری دامەزراندنی دەوڵەت بترازێ، هیچی تر نیە" بۆیە دەوڵەت، بە واقیعکردنی بەرزترین ئامانجە دواجاریش تەواوی رۆحیە واقعیەکەی خۆی لە رێگای دەوڵەتەوە بە دەستی دێنێ. سەبارەت بە نەتەوی بێ دەوڵەت هێگل پێمان دەڵێ: گەلی بێدەوڵەت لە دەرەوەی مێژوون".

بەڵام کۆمۆنیستی کاریگەری حیکمەتیزم هەوڵدانی ئەحزابی کوردی بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەتی کورد، بە کۆنەپەرست دەزانێ؟!! لە هامان کاتدا، هێگل لە کتێبی "Rättfilosofi" فەلسەفەی راست "١٨٢١دا، کە ئەو زمان و راستی هونەر و ئەفسانە و سومبوول، دەبێتە بنەمای پێکهێنانی دەوڵەت، بە دیدی هێگل هێزێکی رۆحی جیهانی هەیە، کە لە پرۆسەی مێژوودا، بە رێگەی دیالێکتیکی دژە یەکدا خودی مرۆڤ ئاگای دەستەبەردەکا، کە ئەم روانگە هزرییە بە ئیدیالی هێگل ناسراوە.[٤]

بەڵام مارکس لە بری ئەو، "هێزە رۆحیە جیهانی" یەی هێگل، ماتریالێزم دەکاتە دینەمۆی پرۆسەی ململانێی ئەو دیالێکتیکە دژ بەیەکەی ، کە دواجار خود بەدی دێنێت. بەلای مارکس پرۆلتیتار دەبێتە بەرهەمهێنەری مێژوو، ئەو بیرۆکەیەش لە دونیابینی ئاینیەوە نزیکە. چونکە لە دیدی هێگل و مارکسەوە، ئەوهێزەی کە دونیا دەگۆرێ و ئامانج دەپێکێ، ئەوە هێزێکە لە دەرەوەی مرۆڤدایە، لێرەدا مرۆڤ دەبێتە هۆیەک کە لە چاوەروانی ئەو هێزە "رۆحی جیهانی" و "ماتریالیزم" ە دەمێنێتەوە. ئەو تێزەش لە رووی پراتیکەوە نەیتوانێ ئەو ئۆتوپیایە لە قۆناغە جوداکانی مێژووی مرۆڤایەتی بەرجەستە کاتەوە.[٥]

گەر چی روانگەی حیزبی حکمتسیت لە ژێر ناوی یەکسانی و ئینسانی....... هتد، خۆی نیشادەدا، بەڵام ئەو حیزبە کە هەمیشە جەخت لە سەر کۆنەپەرستی گەلی کورد، کولتور و ئیدۆلۆگی ناسیونالیزمی کورد دەکاتەوە و بەمەش رازی نابن و هەموو جوڵانەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد بە پوتێ خۆڵ پێناسە دەکەن وەک چۆن کورشی مودەرسی دەڵێ. لیدەر ئەو حزبە خۆی غافڵ دەکات لەو راستیانەی کە هۆکاری دواکەوتنی ئابووری و سیاسی و فەرهانگی گەلی کوردو کوردستانن. جا ئەگەر حیزبی کۆمۆنیزمی کاریگەری حیکمەتیسم لافی کۆمۆنیست بوون لێدەدەن دەبێ هەر لەم روانگەیەشەوە چاو لە مافی مرۆڤایەتی بکەن کە کوردیش بەشێکە لە مرۆڤایەتی. پەیرەوانی حیکمەتیزم تازە بە تازە سیاسەتی کاریزمایی دەهێننە گۆرێ . ئەوان خۆیان بە مارکسیست دەزانن کەچی لە خودی روانگەی مارکسیزمیەوە مافی سەربەخۆیی نەتەوەی کوردم مافێکی رەوایە، هاوکاتیش، ئەوەندە جەختکردنەوە لە سەر دواکەوتوویی بوونی کوردی، لە گەل ئەو بانگەشانەی ئەو حیزبە ناکۆک دەبێ، لە روانگەی ئەو حیزبەوە دەبێ کێشەی بە پەرەنەسەندنی کۆمەڵگای کوردی بخاتە ئەستۆی نەتەوە داگیرکار. چونکە ئەوە دەسەڵاتی ناوەندە کە سەرچاوەی بوژانەوەی ژێرخانی کورد دەگۆرێت. هاوکاتیش گەر کۆمۆنیستن و خەمخۆری کێشەی چینی زحمتکێش و هەژار و کرێکار بێ، دەبێ لەم پێناسانە بە دوور بێ. لە لای ئەم برادەرە کوردانەی وەک کورشی مودەرسی کەسێکی وەک (مەنسور حیکمەت)، دەبیتە سەرچاوەی

[٤] ـ هەندرێن هەمان سەرچاوە

[٥] ـ هەندرێن هەمان سەرچاوە

هەموو پێشکەوتنێک  بەسوومبولکردن و بە پیرۆزکردنی "مەنسور حیکمەت" ، هەر لە کەسایەتی دا نامێنێتەوە، بەڵکۆ ئەو دەبێتە بەهانەیەک بۆ قبوولکردنی  نەتەوەی باڵادەستی و بە نوێنەرزانینی فارس و عەرەب و تورک، سوومبولێک بۆ پێشکەوتنخوازی.
 لێرەوە ئەو بەشە لە خەڵکی کورد، وەک ئەشغال(زبڵ، خۆڵ) لە بەرهەمی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی دەبنە زورناژەنی نەتەوە بەڵادەستی فارس و  وەک کۆیلەدارێک قبووڵی دەکەن، وەک چۆن هێگل باسی دەکا، کەچی نەتەوە باڵادەست، بە هیچ جۆرێک کورد قبووڵ ناکات وەک ئێنسانێک کە مافی سەربەخۆیی وناسنامەی خۆی هەبێ.
بۆیە ئاکامی ئەم پەنابردنە توندڕەوییەی ئەو گروپە دەبێتە نەخۆشییەکی کوشندە و دواجاریش گۆشەگیر بوونی خودی حزبی حیکمەتیسم.
 گەر ئەمڕۆ باری سیاسی کوردی پێوستی بە هێزیکی سیاسی جیاواز بێ، کە هەوڵبدات رێگە لە هەڵە سیاسی و کۆمەڵاتیەکانی ئەم حیزبە کوردیانە بگرێ، دەبێ بە کردەو پێویستیە سیاسی و ئەرکە هابەشەکانی کۆی کوردی بکاتە ئەرکی خۆی. لێرەدا جێگەی خۆیەتی کە من تیشک بەخەمە سەری ئەویش بریتیە لەوە کە کۆماڵگای کوردی، وەک هەر کۆمەڵگایەکی  تری ئەو ناوچەیە، لەسەر تاکە حزبەکان تاپۆ کراوە. بۆیە ئەرکی حزبێکی جیاواز و خاوەن دروشمی پێشکەوتنخوازی و دیمۆکراتی، جەختکردنەوە و کار کردنە بۆ دابینکردنی ماف و ئازادی هاوڵاتیان و رۆشنکردنەوەی هەڵە سیاسیەکانی ئەم حزبەکوردیانە، نەک ئاڵۆزکردن و دروست کردنی تاکڕەوییەکی تر.
چونکە ئێمە ئەزموونێکی زۆرمان هەیە لە دیاردەی دروست  بوونی حزبی نوێ و و جیاوەبووە لە حزبە گەورەکان. هۆکارە سەرەکیەکانی دروست بوونی ئەو حزبانە زیاتر پیوەندی هەیە بە تۆڵەکردنەوە و ناکۆکی ناخۆی حزبە کوردیەکانەوە و کێشەی دەسەڵات بووە. بە واتایەکی تر، دروستبوونی حزبی تر پرۆژەیەکی فیکری تۆکمە و جیاواز لە پشتەوە نیە ،بۆیە ئاکامی ئەو حزبانە هەمیشە، گەڕانەوە بووە بۆ ناو حزبی دایک، یان وەک حزبێکی پەرواوێز ماونەتەوە.

ئەمرۆ یەکێک لەو حزبانەی کە خۆی وەک حزبێکی جیاواز پیشاندەدات، کە حزبی ی کرێکاری حیکمەتیسە کە  دروشم و راگەیاندنەکانی ئەو حزبە  بە دژی خواستەکانی کۆمەڵگای کوردیە، کە دروشمەکانیان قسەی تۆپەڵە  و دوورن لە بەرهەمی ژیان ئەقلێکی خاوەن بنەما. چونکە بەراستی کردار و رەفتارەکانی حزبی حیکمەتیست دژی هەموو قوربانی و خەون و خەباتی نەتەوەی کوردمانن. هاوکاتیش  ئەو حزبە کۆمۆنیستە مەیلی دیکتاتۆری و توندڕەوییەکی سامناک لە ناو دروشمەکانیانندا خۆی نیشادەدا.
 شتێکی تر کە زۆر جێگەی سەرسورمانە بۆ منی نەوعی، ئەویش بریتیە لەوە کە کە نەتەوە کورد تائێستا سەربەخۆی  خاوەنی ئەو دەسەڵاتە نەتەوایەتییە نەبووە، کە (کورشی، م و هاوەڵانی) کەوتونەتە دژایەتیکردنی و  بە ئەرکی سەرەکی خۆیانی دەزانن، کە دواجار  وەک دیاردەیەک  لە ناو ئەم جۆرە کۆمۆنیستانە بۆتە باو،  کێشەی نە فامی و دوگمایی ئەو حزبە لەوەدایە، کە تەواوی نەگبەتی ئینسانی و کێشەی کورد لە چاوی مافی رەوای گەلی کورد بۆ سەربەخۆی دەناسن، نەک مێژووی ئەو چەوسانەوە و داگیرکردنەی نەتەوەکانی باڵادەست. وەڵامی ئەو حزبە کۆمۆنیستە بۆ

کێشەی ئازارەکانی کورد، لە سڕینەوەی ڕۆحی کورد بوون و بە گەردوونی کردنی کورد و بێ نەتەوە کردنی بوونی کوردیە. ئەمەش خواستێکی ئایننانە و ناریالیستییە لە ژیاندا.

لێرەدا بۆ ئێمە نادیارە و نازانین تێگەیشتنی ئەو حزبە حیکمەتیستیە چیە لە "ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردی"؟ ئاخۆ ئەمە ئەمە چ لۆژێکیکی ئەقلانی لە پشتەوەیە کە هەر داوایەک بۆ سەربەخۆ بوونی گەلی کورد بە ئیرتجاعیەت دەزانن"؟. یان هەر کەسێک و گروپێک نەبێتە ئەندام و لایەنگری ئەوان، ئەو ئیتر ئینسانێکی دواکەتوو و ناسیونالیزمە ؟ پرسیار ئەوەیە کە ئایا ڕەتکرنەوەی چەوسانەوەی نەتەوایەتی هەڵویستێکی کۆنەپەرستانەی ناسیۆنالیستیە؟

سەرەرای ئەو روانینە تووندڕەو و دۆگمایانەی ئەو حزبە کە دەربڕینەکانیان لە زمانێکی تێکشکاوی کوردیدا نمایش دەکەن و قسە کردنیان هەمیشە لە وڕێنە و خوتبەی سیاسیانەی ئایینی دەچێ، تا دانووساندنێکی زانستی عەقلانی ئایدۆلۆژی سیاسی .

ئەم برادەرانە پێیان شەرمە کە بە زمانی کوردی بدوێن و گفتوگۆی سیاسی بکەن، کەچی هاوکاتیش خۆشیان زۆر بەختەوەر دەزانن کە قسە کردن و قبوولکردنی زمانی فارسی وەک زمانیکی فەرزکراو بەسەربیکردنەوەی و بونیاندا ئاسایی دەبینن. لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە ئاماژەیەک بە هێگل بکەم، چونکە ئەم حیکماتیستانە خۆیان بە میراتگری هێگل دەزانن.

هێگل لە کتێبی "جواناسید" ، کە دەبێ ئە م هاوریانە زۆر بە باشی بیخوێننەوە دەڵێ: لە زمانی شیعردا، شێوە و بیرۆکە و ماتریال لە پلەی باڵادا دەدەنرێن. لێرەدا لە ئێستێتیکای زماندا ماتریال دەبەیتە کەرەسەو ئامراز. بەڵام حیکمتییستەکانی کوردی "پێشکەوتووخوازی" کوردی هەموو شتیکی کوردی تەنانەت قسەکردن بە زمانی کوردی بە نیشانەیەک لە نیشانەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە قەڵەم دەدەن. گەر زمان ئامراز بێ، ئەوا مرۆڤ خۆشی دەبێتە ئامرازێک بۆ ئیدۆلۆجیەک.

بەڵام ئایا گەر زمان نەبووایە، چۆن مرۆڤ دەیتوانی لە دونیا خۆی بەرجەستە بکاتەوە؟ ئایا هزر بێ زمان چۆن ئاوەڵا دەبێتەوە؟ لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەو حیکمیتستەکانە چەند بەرهەمێکی فیکری لاوازیان هەیە سەبارە بە هیگل و زمان و ڕەهەندەکانی زمان .[٦]

---

٦ ـ هەندرێن هەمان سەرچاوە